# دەقی ئەدەبی
# لە نێوان ئەرکی نووسەر و ڕەخنەگرەکەی

د. عادل گەرمیانی
سەرۆکی بەشی کوردی
زانکۆی بەغدا

سادەترین پێناسەی ئەدەب جۆرە دەربڕینێکی ئەدەبی و هونەریی جوانە و، نووسەری دەق لە ڕێگەی دەقەکەیەوە هەوڵدەدات جۆرە پەیامێکی مەعریفی بە خوێنەرەکەی ڕابگەیەنێت لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی هەلومەرجەکانی بونیادی دەق و خەسڵەتەکانی و ڕووخساری دەقەکەی، کەوا نووسەرەکەی هەوڵدەدات جۆرە چێژێك بە خوێنەری دەقەکەی ببەخشێت لە ڕێی بەکارهێنانی جۆرە شێوازێکی هونەری لە دارشتنی دەقەکەیدا لەگەڵ مەزراندنی ئەندێشەیەکی هونەری و زمانێکی پاراوی ئەدەبی کاریگەر لە نووسینی دەقە ئەدەبییەکەیدا.

دەقی ئەدەبی لە ڕووی واتاوە پەیامێکی مەعریفییە لە نێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەقدا، کەوا بە شێوازێکی ئەدەبی جوان دایدەڕێژێت، دەقی ئەدەبیش خاوەن هەندێ خەسڵەتی تایبەتە جیای دەکاتەوە لە نووسینە مەعریفییەکانی دیکەی وەك وتاری مێژوویی و وتاری ڕامیاری و وتاری ئایینی و ...هتد.

سادەترین پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبیش ئەوەیە: پرۆسەیەکی مەعریفی و شیکارییە ڕەخنەگر وەك خوێنەرێکی زیرەکی دەق بەسەر جەستەی دەقەکە دەیکات بە مەبەستی خستنە ڕووی خەسڵەتە باش و خراپەکانی لە ڕووی هونەرییەوە.

هەروەها ڕەخنەگر بەو ئەرکەی هەڵدەستێت لە پێناو خستنە ڕووی کۆششی نووسەری دەق بۆ پێکەوەنانی خۆشیی دەق کەوا یەکێکە لە ئامانجەکانی نووسەری دەق بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەرانی دەقەکەی تا جۆرە نەمرییەك بۆ دەقەکەی لە یادەوەری خوێنەرانیدا تۆمار بکات.

هەمیشە ڕەخنەی ئەدەبی زادەی پاش لەدایکبوونی دەقی ئەدەبییە، چونکە خودی دەقە ئەدەبییەکە دەبێتە کەرەسەی لەبار بۆ کردەوە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگر، کەوا بە ئەرکی هەڵوەشانەوەی توخم و ماکەکانی بونیادی هونەریی دەقەکە هەڵدەستێت، کەوا بە پێچەوانەی ئەرکی پێکەوەنانی نووسەری دەقەکە دەبێت.

لێرەدا پێویستە بووترێت مەرج نییە هەموو دەقێکی ئەدەبی یەکسەر ببێتە مایەی نووسینی ڕەخنەیی لەبارەیەوە، چونکە لەم ڕۆژگارەدا هەر ڕۆژنامە یا گۆڤارێك چەندین دەقی ئەدەبی بلاّودەکاتەوە، بەلاّم تەنیا دەقی سەرکەوتوو دەبێتە مایەی سەرنڕاکێشانی ڕەخنەگر تا لەبارەیەوە بۆچوونی ڕەخنەیی خۆی پێشکەش بکات.

ئەرکی ڕەخنەگر ئەرکێکی گرانە و، هیچ بەو شێوە ئاسانە نییە وەك هەندێ لە ڕۆشنبیرە ساویلکەکان تێدەڕوانن، چونکە دەبێت ڕەخنەگر خاوەن ئاستێکی مەعریفی بەرزتر بێت لە ئاستی مەعریفی نووسەری دەقە ئەدەبییەکە، یا بەلایەنی کەمەوە هاوتەریبی ئەو ئاستە مەعریفییە بێت.

یەکێك لەئەرکەکانی ڕەخنەگر ڕێنماییکردنی نووسەری دەق و خوێنەرەکەیەتی بۆ زیاتر شارەزایی پەیداکردن لەبارەی دەقەکەوە، چونکە لە لایەك هەڵە و داچوون و خەوشەکانی بونیادی دەقەکە بۆ نووسەرەکەی دەخاتەڕوو، هەروەها لە لایەکی دیکەوە لایەنە جوان و سەنجڕاکێشەکانی دەق بۆ خوێنەرەکەی شیدەکاتەوە.

ئەرکی خستنە ڕووی چێژی دەق و خۆشی دەق زیاتر لە ئەستۆی ڕەخنەگری دەقە، هەرچەندە پێکەوەنانی چێژی دەق لە ئەستۆی نووسەرەکەیەتی و بەدەستهێنانی خۆشیی دەق لە ئەستۆی خوێنەری دەقدایە، بەلاّم ئاسانکاری دیاریکردن و دۆزینەوەی ئەو دوو لایەنە زیاتر لە ئەستۆی ڕەخنەگری دەقە، کەوا لە ڕێی چەند گۆشە نیگایەکی ڕەخنەیی و پشت بەستن بە هەندێ تیۆری ڕەخنەیی دەتوانێ بەو ئەرکە پیرۆزەی خۆی هەڵبەستێت.

هەرگیز ڕەخنەگری  دەق مشەخۆر نییە بەسەر جەستەی دەقە ئەدەبییەکانەوە، بەڵکو نەبوونی ڕەخنەگری ئەدەبی لەوانەیە ببێتە مایەی کەم بایەخی دەقە ئەدەبییەکە لەلای خوێنەرەکەی، چونکە ڕەخنەگر بە خوێنەرێکی زیرەکی دەقی ئەدەبی دادەنرێت بە حوکمی فراوانی پانتایی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەیدا، بەم شێوەیە دەردەکەوێت هەبوونی ڕەخنەگر ڕۆڵی خۆی دەبێت لە گەیاندنی پەیامی دەقی ئەدەبی لە نێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەقدا لە پرۆسەی نووسینی دەقی ئەدەبییدا وەك بەرهەمێکی مەعریفی بەهادار.